# پرۆتۆکۆڵی کۆبوونەوەی ساڵانەی کۆمەک

شوێن: Ragnhild Schibbyes vei 33, 0968 Oslo

ڕۆژ: 19.05.2012

کات: 4 تا 05:30 ی پاشنیوەڕۆ

ئامادەبووان:

سەرتیپ ئەحمەد، کاروان عارف، تابان کەمال، کاوە ئەحمەد، کەریم مستەفا، محەمەد مدیری.

1- کەریم مستەفا بۆ بەڕێوەبردنی کۆبوونەوەکە هەڵبژێردرا.

2- ڕۆژەڤی کۆبوونەوە سەلمێندرا. ( بڕوانە ڕۆژەڤ )

3- ڕاپۆرتی کار، لەلایەن کاروان عارف خوێندرایەوە، بە تێکڕای دەنگ سەلمێندرا.(بڕوانە راپۆرتی کار)

4- ڕاپۆرتی دارایی خوێندرایەوە و لەلایەن چاودێری دارایی سەلمێندرا. (بڕوانە راپۆرتی دارایی)

5- دەستەی ڕێبەر ئازاد کرا.

6- پێشنیازی پشتیوانان: تەنها پێشنیازێک لەلایەن کاروان عارف ـەوە کرا بۆ هەڵوەشاندنەوەی کۆمەک. دوای باسکردن و هەڵسەنگەندانی پێشنیازەکە و بیروڕاگۆڕینەوە لەبارەیەوە، هەروەها بە گەڕانەوە بۆ ئەو نامەیەیەی، کە لە هاوینی ڕابووردوو سەبارەت بە ئایندەی کاری کۆمەک، لە ماڵپەری کۆمەکدا بڵاوکراوەتەوە، پێشنیازەکە لەلایەن ئامادەبوانەوە پەسەندکرا، جگە لە کاوە ئەحمەد، کە بڕوای وابوو کۆمەک وەک ڕێکخراو هەر بمێنێت، بەڵام کارەکانی بۆ ماوەی ساڵێک هەڵپەسێردرێت بۆ ئەگەری ئەوەی، کە لە ئایندەدا بێتەوە مەیدانی کارکردن.

ڕوونکردنەوەی ئەم بڕیارە:

گەرچی بەگوێرەی پەیڕەوپرۆگرامی کۆمەک لە خاڵی 11 بڕگەی 1، دەبێت (3/2)ی ئامادەبووانی کۆبوونەوەی ساڵانە بڕیاری هەڵوەشاندنەوە پەسەند بکات و لە کۆبوونەوەی ساڵی داهاتوودا بڕیارەکە دەسەلمێندریت و دەچەسپێت، بەڵام لەبەرئەوەی لە ساڵی 2011 دا کۆمەک، بەتێکڕای دەنگی دەستەی ڕێبەر، لە ڕێکخراوەوە بۆتە کۆمەڵە (بەگوێرەی یاسای کۆمەڵەکان لە نەرویجدا)، دەستەی ڕێبەر دەتوانێت بڕیاری هەڵوەشاندنەوە بدات.

بەتێکڕای دەنگ، ئامادەبووان بڕیاریاندا، تا کاتی بەستنی کۆبوونەوەی ساڵانەی داهاتوو لە کۆتایی ساڵی

دارایی (12/31 ) بۆ سەلماندی بڕیاری هەڵوەشانەوەکە، هیچ کەس لە ئەندامانی دەستەی ڕێبەر نابێت بەناوی کۆمەک ـەوە بدوێن.

کۆبوونەوەی ساڵانەی داهاتوو، دەبێت تا کۆتایی ساڵی دارایی، واتە 2012/12/31 بۆ داخستنی کۆنتۆی بانکی کۆمەک ببەسترێت.

7- بەتێکڕای دەنگ هەر هەمان دەستەی پێشوو بۆ دەستەی ڕێبەری دیاری کرایەوە. هۆکارەکەی ئەوەبوو، کە ماوەی بەستنی کۆبوونەوەی ساڵانەی داهاتوو نزیکە و کاری ڕۆتینیاتی گۆڕینی ناو و ئەدرێسی دەستەی نوێ لە فەرمانگەی کاروباری ڕێکخراوەکان لە شاری برۆنئۆیەسوند، کار و کاتێکی زۆری دەوێت.

واژۆی ئامادەبووان:

2012/05/19

ئۆسلۆ